# گرنگی باوەڕ و سوودەکانی

[ kurdish – کوردی – كردي ]

دەستەیەك لە زانایانی ئیسلام

**وەرگێڕانی:** سەرباز حەمید کەرکوکی

**پێداچونەوەی :**پشتیوان سابیر عەزیز

2011 - 1432

IslamHouse.com

# ﴿ أهمية الإيمان وفوائده ﴾

« باللغة الكردية »

مجموعة من العلماء

ترجمة: سرباز حميد قادر

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2011 - 1432

IslamHouse.com

# گرنگی باوەڕ و سوودەكانی

گرنگی باوەڕ وپلەو پایەی شاراوە نییە لای هیچ كەس، لەگەڵ زۆری وزەبەندی كەڵك سوودەكانی لەدونیا ودوا ڕۆژدا، نەك هەر ئەوەندە بەڵكو هەموو خێروبێرێك لەدونیا وپاشەڕۆژدا لەسەر سەلامەتی باوەڕێكی ڕاست ودروست وەستاوە، ئەمەش لەهەرە پیرۆزترین داواكاریی وگرنگترین مەبەستەكانی شەریعەت وپرفەڕترین ئامانجەكانە، هەر بەم بیروباوەڕە ڕاست ودروستە بەندەكانی خودا بەئاسوودەیی ژیان بەسەر دەبەن ولەهەموو خراپەو خراپەكاری وناخۆشی ونەهامەتییەك ڕزگاریان دەبێت، لەكۆتاییشدا پاداشتی پاشەڕۆژ و خۆشیەكانی دواڕۆژ وخێر وبەهرە هەمیشەییەكان بەدەست دەهێنیت كە هەرگیز لەناو ناچن ونافەوتێن...

خوای گەورە دەفەرموێت : (مَنْ عَمِلَ صَالِحًا مِنْ ذَكَرٍ أَوْ أُنْثَى وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَلَنُحْيِيَنَّهُ حَيَاةً طَيِّبَةً وَلَنَجْزِيَنَّهُمْ أَجْرَهُمْ بِأَحْسَنِ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ) {النحل:٩٧} واتە : هەركەسێك - لە نێر یان لە مێ- هەر كارێكی چاك ئەنجامبداو، بەئیمان و باوەڕداریش بێت بەڵێن بێت بیژێنین بە ژیانێكی پاك، واتە: بە ژیانێكی بەقەناعەت و بەسەعادەت، وبەچاكتریش لەوەی كردوویانە پاداشیان بدەینەوە، هەروەها فەرموویەتی : (وَمَنْ أَرَادَ الْآخِرَةَ وَسَعَى لَهَا سَعْيَهَا وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَأُولَئِكَ كَانَ سَعْيُهُمْ مَشْكُورًا) {الإسراء:١٩} واتە : ئەوەی پاشەڕۆژی لامەبەست بێت و هەوڵ و كۆششی چاكی بۆ بدات، لە هەمان كاتیشدا ئیماندار بێت، هەوڵ و كۆششی ئەو جۆرە كەسانە جێگەی ڕێزو سوپاسە و سوپاسكراون، لەجێگایەكی تردا دەفەرموێت : (وَمَنْ يَأْتِهِ مُؤْمِنًا قَدْ عَمِلَ الصَّالِحَاتِ فَأُولَئِكَ لَهُمُ الدَّرَجَاتُ الْعُلَا) {طه :٧٥} واتە : ئەو كەسەی

به باوەڕ داری بگەڕێتەوە لای (خوای گەورە) بەڕاستی کردەوەی چاکیشی کردبێ ئا ئەوانە پلەو پایەی بەرزو بڵندیان هەیە، هەر لەبارەی گرنگی باوەڕەوە فەرموویەتی : (إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ كَانَتْ لَهُمْ جَنَّاتُ الْفِرْدَوْسِ نُزُلًا (١٠٧) خَالِدِينَ فِيهَا لَا يَبْغُونَ عَنْهَا حِوَلًا) {الكهف:١٠٧-١٠٨} واتە : بەڕاستی ئەوانەی کە ئیمان و باوەڕیان هێناوەو کردەوە چاکەکانیان ئەنجامداوە، ئێمە هەر لە زووەوە بە بەهەشتی فیردەوسمان بۆ ئامادە کردوون، تا لەوێ دابەزن و ژیانی کامەرانی تیایدا بەرنەسەر(١٠٧) بەهەتا هەتاییش لەوێدا ئەمێننەوەو ژیانیان تێیدا نەپراوەیە، هەرگیز بێزارنابن و بۆ خۆشیان داوای جێ گۆڕکێ ناکەن و، قەتیش پێیان خۆش نییە لێیدەرچن.

ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز لەم بارەیەوە زۆرن وبەهێندەی خستمانە بەر دیدەی بەڕێزتان وازدەهێنین.

دەقی ئایەتەکانی قورئاني پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەری خودا (صلى الله عليه وسلم) بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە باوەڕ وئیمان لەسەر شەش بنەمای بەهێز وەستاوە، ئەوانیش بریتین لە : باوەڕ بەخوای گەورە (الله) وە باوەڕ بەفریشتەکان وباوەڕ بە کتێب و پەڕاوەکان وبە پێغەمبەران وبە ڕۆژی دوایی و بە قەدەر خێری و شەڕی، ئەم بنەمایانەش لەقورئان وسوننەتدا لەزۆر جێگا باسکراون لەوانەش :

١-خوای گەورە دەفەرموێت : (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا آمِنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ وَالْكِتَابِ الَّذِى نَزَّلَ عَلَى رَسُولِهِ وَالْكِتَابِ الَّذِى أَنْزَلَ مِنْ قَبْلُ وَمَنْ يَكْفُرْ بِاللَّهِ وَمَلَائِكَتِهِ وَكُتُبِهِ وَرُسُلِهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَالًا بَعِيدًا) {النساء:١٣٦} واتە : ئەی گەلی خاوەن باوەڕا! دەبێ باشتر و باشتر باوەر بێنن بەخواو بەپێغەمبەرەکەی و بەوکتێبەیش بەش بەش ناردی بۆ پێغەمبەری خۆی موحەممەد (صلى الله

علیه وسلم) و بەوكتێبانەیش بەر لەقورئان ناردنی، وەكو تەورات و ئینجیل و پەڕاوەكانی تر، هەتا ئیمانتان كاملٚتر ببیٚ و، هەمووشتان هەست بەبرایەتی و تەبایی بكەن لەژێر سایەی دینی خوادا، هەركەسێكیش باوەڕی نەبیٚ بەخواو بەفریشتەكانی و، بەكتێبەكانی و بەپەیامبەرەكانی و، بەرۆژی دوایی ئەوە لەرادە بەدەر لەرێگەی هەقەوە دوورەو چاوەڕوانی هیدایەتی لێناكریٚ.

٢- وە دەفەرموێت : (لَيْسَ الْبِرَّ أَنْ تُوَلُّوا وُجُوهَكُمْ قِبَلَ الْمَشْرِقِ وَالْمَغْرِبِ وَلَكِنَّ الْبِرَّ مَنْ آمَنَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ وَالْمَلَائِكَةِ وَالْكِتَابِ وَالنَّبِيِّينَ) { البقرة :١٧٧} واتە : كرداری چاك و كاری باش تەنها بریتی نیە لە ڕووكردنتان بەرەو ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا (چونكە جولەكە زۆر لەسەر گۆڕانی قیبلە دووان و پرو پاگەندەی زۆریان كرد)، بەڵكو كرداری چاك و كاری

باش بریتیە لەوەی کە ئادەمیزاد باوەڕی هێنابێت بە خواو بە ڕۆژی دوایی و بە فریشتەکان و بەکتێبەکان و بە پێغەمبەران..

٣- لەجێگایەکی تردا فەرموویەتی : (آمَنَ الرَّسُولُ بِمَا أُنْزِلَ إِلَيْهِ مِنْ رَبِّهِ وَالْمُؤْمِنُونَ كُلٌّ آمَنَ بِاللَّهِ وَمَلَائِكَتِهِ وَكُتُبِهِ وَرُسُلِهِ لَا نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِنْ رُسُلِهِ وَقَالُوا سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا غُفْرَانَكَ رَبَّنَا وَإِلَيْكَ الْمَصِيرُ) {البقرة :١٨٥} واتە : پێغەمبەر پڕوای هێنا بەو نامەیەی کە بۆی نێرراوە لە پەروەردگاری یەوە لەگەڵ پڕواداراندا هەموو پڕوایان هێناوە بەخوا و فریشتەکانی و نامەکانی و پەیامبەرانی جیاوازی ناکەین لە نێوان هیچ یەکێک لە پەیامبەرانی(پڕوادارەکان) وتیان: (پێغەمبەر ئایینی خوای پێ گەیاندین ئێمەش) بیستمان فەرمانبەرییمان کرد داوای لێخۆشبوونت لێ دەکەین ئەی پەروەردگارمان وە هەر بۆ لای تۆیە گەڕانەوە.

٤- وه دەفەرموێت : (إِنَّا كُلَّ شَيْءٍ خَلَقْنَاهُ بِقَدَرٍ) {القمر:٤٩} واتە : بێگومان ئێمە هەموو شتێکمان بە قەدەر و ئەندازە دروست کردووە.

٥- لەصەحیحی موسلیمیشدا لەو فەرموودەیەی کە عومەری کوڕی خەتاب ڕیوایەتی کردوە کە ناسراوە لە فەرموودەکەی جیبریل هاتووە : ( إن جبريل سأل النبي (صلى الله عليه وسلم) فقال : أخبرني عن الإيمان، قال : ( أن تؤمن بالله، وملائكته، وكتبه، ورسله، واليوم الآخر، وتؤمن بالقدر خيره وشره) { مسلم الإيمان ) ٨ (، الترمذي الإيمان ) ٢٦١٠ ( ، النسائي الإيمان وشرائعه ) ٤٩٩٠ ( ، أبو داود السنة (4695) ابن ماجه المقدمة ( ٦٣) وأحمد (٢٧/١) وصحيح مسلم برقم (١) } واتە : جبریل پرسیاری کرد لە پێغەمبەری خودا (صلى الله عليه وسلم) و ووتی : لەباری باوەڕەوە هەواڵم پێبدە وبۆم باس بکە : ئەویش لەوەڵامدا فەرمووی : ئەوەیە کە

باوەڕت هەبێت بەخوای گەورە(اللّٰه) وبە فریشتەکانی و بەکتێبەکانی و بەپێغەمبەرانی وبەڕۆژی دوایی و بەباوەڕت هەبیت بە قەدەر خێری وشەڕی .

ئەم شەش بنەما سەرەکییە باوەڕیان لەسەر بنیات دەنرێت، باوەڕ وئیمان بۆهیچ کەس نییە بەبێ باوەڕ هێنان بە هەموو ئەوانە، ئەوانەیش بنەمایەکی پێکەوە گرێدراو و پێویست و گرنگن، کە بەهیچ شێوەیەك لەیەك جودا ناکرێنەوە، بەشێوەیەك کە باوەڕ هێنان بەهەندێکیان باوەڕ بەسەرجەمیان پێویست دەکات، وە بێباوەڕ بوونیش بەهەندێکیان بێباوەڕییە بەهەموویان .

هەر بۆیە زۆر پێویستە کە مرۆڤی باوەڕدار زۆر گرنگی بەم بنەمایانە بدات و بەگەورەیان ڕابگرێت ولەڕووی فێربوون وخەلك فێرکردن وجێبەجیکردنیانەوە لەسەر زەمینی واقیع وحاڵ .

ئەوەشی کە پاش کەمێکی تر باسی لێوە دەکەین ڕوونکردنەوەی بنەمای یەکەمە لەم بنەمایانە، ئەویش باوەڕ بەخوای گەورە ( الله ) .

بەشی یەکەم : باوەڕ بەخوا ( الله )

باوەڕ بەخوای گەورە ( الله ) گرنگترین بنەماکانی باوەڕ وئیمان ومەزنترین پلەوپایەی باوەڕ وبەرزترین وبەڕێزترینیانە، نەك هەر ئەوەندە بەڵکو بنچینەی بنەماکانی باوەڕ وکۆڵەکە وبناغەی فەرمانەکانیەتی، چونکە سەرجەم بنەماکانی تری (ئیمان) لەسەر ئەم بنیاتنراون ولق وپۆپی ئەمن هەر هەمویان دەگەڕێنەوە بۆلای ئەم، باوەڕبوون بەخوا (الله) باوەڕبوونە بەتاك وتەنهایی خوای گەورە لەپەروەردگاریەتی ( الربوبية ) وباوەڕ بوون بەتاك وتەنهای لە پەرستن (الالوهية ) وباوەڕبوون بەتاك وتەنهایی لەناو وصیفەتە جوانەکانی (الأسماء والصفات )، ئائەم سێ بنەمایە باوەڕبوون بەخوا

(اللهَ)ی لەسەر ڕادەوستێت، نەك هەر ئەوەندە بەڵکو ئاینی پیرۆزی ئیسلام بە ئاینی (یەکخواپەرستی) ناونراوە لەبەر ئەوەی ئەم باوەڕە بنیاتراوە لەسەر ئەوەی کە خوای گەورە (اللهَ) یەکە لەموڵکی ولەکاروکردەوەی وهیچ شەریك وهاوەڵێکی نییە، وە هەروەها یەکە لە زات وناو و صیفەتە جوانەکانی وهاوتای نییە، وە یەکە لە پەرستن وخوایەتی هیچ هاوشان هاوەڵێکی نییە، بەمەش دەزانرێت کە یەکخواپەرستی پێغەمبەران (علیهم السلام) دەکرێت بەسێ بەشەوە :

بەشی یەکەم : یەکخواپەرستی لە پەروەردگاریەتیدا ( الربوبیة ) : کە بریتییە لە داننان بەوەی کە خوای گەورە ( اللهَ ) پەروەردگار وپادشا و خاوەن ودروستکەر ورۆزیدەری هەموو شتێکە، هەر ئەوە کە ژیان دەبەخشێت وزیندوو دەکاتەوە دەشمرێنێت وسوود و زیان هەر بەئیرادەی ئەوە، هەر ئەوە کە

لەکاتی ناڕەحەتی و نەهامەتیدا دێت بەدەم هاوارکەران ولێیان گیرا دەکات، کە هەموو فەرمان و خێروبێرێك هەر بۆ ئەوە، وە هەموو کار وفەرمانێکیش هەر بۆلای ئەوە دەگەڕێتەوە، کە هیچ شەریك وهاوەڵێکی نیە لەمەدا .

بەشی دووەم : یەکخواپەرستی لە پەرستندا ( الالوهیة ) : بریتییە لە تەنهایی کردنەوەی خوا (ﷲ) لە گەردنگەچی و زەلیلی وترس وخشوع وکڕنوش وسوژدە بۆ بردن و سەربڕین وخوێن بۆڕشتن ونەزر بۆکردن، هەروەها سەرجەم بەندایەتی وپەرستنەکان بۆ ئەو بەشێوەیەك هیچ شەریك وهاوەڵێکی بۆ بڕیار نەدەیت .

بەشی سێهەم : یەکخواپەرستی خوای گەورە (ﷲ) لەناو و صیفەتە جوانەکانی : بریتییە لە تەنهایی کردنەوەی خوا (ﷲ) لەو ناو صیفەتە جوانانەی کە لە قورئانی پیرۆز و لەسەر زمانی پێغەمبەرەکەیەوە (صلى الله عليه وسلم) بڕیاری

لەسەر دراوە ناونراوە و وەصف كراوە، وە بەپاكڕاگرتن ودوور بوونی پەروەوردگار لەهەر كەم و كوڕی و عەیبو عارێك، هەروەها باوەڕت وابێت كە ( اللہ ) بەهیچ شێوەیەك لە دروستكراوەكانی ناكات وهیچ لەیەكچوونێك لەنێوانیاندا نییە، وە داننانە بەوەی كە خوای گەورە زانایە بەهەموو شتێك و ئاگادارە پێیان، و بەدەسەڵاتە بەسەریاندا، وە هەر ئەوە زیندوو و ژیانبەخش بەهەموو شتێك وهەموو شتێكیشی ڕاگرتووە كە نەدەخەوێت و نە وەنەوزیش دەیباتەوە، وە باوەڕت وابێت كە وویست و مەشیئەتی جێبەجێكردن و حیكمەت ودانایی تەواوی هەیە، كە بیسەر و بینەرە و زۆر بەڕەح وبەسۆز و میهرەبانە و لەسەر عەرش وەستاوە و ئیستقراری كردووە، و بەدەسەڵاتە بەسەر هەموو موڵكیدا و وخاوەنی ناوە جوانەكانی پادشایەتی و خاوەندارێتی و پاك وبێگەردی لەهەموو كەمو كوڕی و وسەلام وئاشتی و شایەتی

ڕاستێتی پێغەمبەران دەدات وهەموو هێمنییەك لەدونیا ودواڕۆژدا ئەو دەیبەخشێت وزاڵە بەسەر هەموو شتێكدا ودەیپارێزیت وئاگاداریەتی و هەموو سەربەزی ودەسەڵات بۆ ئەوە و بەهێزە وكەس بەسەریدا زاڵ نابێت، وهەموو شتێك بەوویستی ئەوە ودروستكراوەكان لەژێر دەستەڵاتی ئەودان وبەفەرمانی ئەو دەڕۆن وگەورەیە ولەهەموو كەموكوڕییەك بەرییە، پاك بێگەردیش بۆ ( اللّٰہ ) پەروەردگاری هەمووان لەوەی كە موشریك وهاوەڵ پڕیاردەران بۆی بڕیار دەدەن، وە باوەڕ بوون بەتەواوی ناو وصیفەتە جوان وبەرزەكانی تریش كە خاوەنینی .

هەر بەشێك لەم سێ بەشەیش بەڵگە ودەلیلی خۆی هەیە لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەری خوا (صلی اللّٰہ علیە وسلم ) .

قورئان هەر هەمووی باس لە یەکخواپەرستی و وماف و پاداشتەکانی دەکات لەگەڵ باسکردنی هاوەڵ پڕیاردان وکەسانی هاوەڵ پڕیاردەر وسزاکانیان.

ئەم سێ بەشەی یەکخواپەرستیش زانایان بەووردبوونەو وگەڕان ولێکوڵینەوە لە دەقەکانی قورئانی پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەری خودا (صلى الله عليه وسلم) بۆیان ڕوون بوەتەوە و وەریان گرتووە، ئەمەش پاش لێکوڵینەوە و بەدواداچوونێکی دەقەکانی شەریعەت بووە، کە بەڵگەیەکی تەواوە لەسەر ئەم حەقیقەت و ڕاستیە شەرعیە، ئەویش ئەوەیە ئەو یەکخواپەرستیەی کە داواکراوە لە بەندەکان بریتییە لە باوەڕ و ئیمان بوون بە یەکخوای و تاك وتەنهایی ئەو زاتە پیرۆزە لە پەروەردگارییەتی ( الربوبية ) و تاك وتەنهایی لەپەرستن و بەندایەتی بۆکردن (الالوهية ) و تاك وتەنهایی لەناو وصیفەتە جوانەکانی ، جا هەرکەس باوەڕی بەم شێوەیە نەبێت ئەوە

باوەردار نییە، ئەوەیشی لەمەودوا باسی دەکەین لە سێ بەشی داهاتوودا ڕوونکردنەوەی ئەو سێ بەشەی یەکخواپەرستیە کە ئاماژەمان بۆکردن .